Journal of Kurdish Literature
Spring and Summer 2025
Vol. XI, No. 1, Series 19

پژوهشنامه ادبیات کردی
بهار و تابستان ۱۴۰۴
سال ۱۱، شمارهٔ ۱، پیاپی ۱۹

# قۆناغە مێژووییەکانی زمانی کوردی (هەورامی)

جەبار میرانی [۱]
هیوا وەیسی [۲] (نووسەری بەرپرس)

(وتاری توێژینەوەیی)

کاتی وەرگرتن: ۲۷ی پووشپەڕی ۱۴۰۲، کاتی پەژێران: ۵ی ڕەشەمەی ۱۴۰۳، لل. ۲۶۶-۲۵۱
DOI: 10.22034/JOKL.2025.139422.1320

## کورتە

لەم وتارەدا، سێ قۆناغی مێژوویی زمانی کوردی دەستنیشان دەکەین. لە یەکەم هەنگاودا بەیارمەتی بەڵگە زمانەوانی و مێژووییەکان ئەم گریمانە دەسەلمێنین کە زمانە کۆنەکانی ئەوێستا و مادی جیاواز نین و زمانە کۆنەکانی زنجیرە چیای زاگرۆسیش لە ڕووی دیاردەی دەنگسازی، وشەسازی، ڕستەسازی و بگرە واتاسازیشەوە، کاریگەرییەکی زۆریان لە سەر بنەمای کوردی واتە ئەویستا-مادی داناوە کە ئەمە بە قۆناغی دیرۆکی کۆنی زمانی کوردی دێتە ئەژمار. ئەم زمانە دوای دەسەڵاتی مادەکان و هەخامەنشییەکانیش لە پانتایی وڵاتی مادا بە هەندێ جیاوازییەوە لە سەر ناوی پاڵەوی ڕۆژاوایی یان مادیی ناوەندی باو بووە و ئەکرێت بە قۆناغی ناوەڕاستی زمانی کوردی دایبنێین. ئەم زمانە دوای هاتنی ئیسلامیش لە زارە کوردییەکاندا لە ژێر ناوی کوردیی نوێ تا ئێستا هەر ماوەتەوە. ئەم توێژینەوە راستەوخۆ ئەم دەسکەوت و ئەنجامانەی لێ دەکەوێتەوە کە زارەکانی کوردیی نوێ پاشماوەی زمانەکانی کۆنی ئەویستا-مادی و زمانانی نەتەوەکانی ڕیزەچیای زاگرۆسن کە دواتر بە وتەی مێژوونوسان لە ژێر نێوی پاڵەوی ڕۆژاوایی یان مادیی ناوەندی لە وڵاتی مادا ڕەوتی مێژوویی خۆیان بریوە و هەڵبەستوانان واتە گۆرانیبێژان و ئوورامەنبێژان لە کۆڕی شادیدا و لە تەواوی خاکی مادا هۆنراوەیان پێ هۆنیوە و ئێستاش دەیڵێنەوە کەچی لە لای کوردان بە "گۆرانی" ناوبانگیان دەرکردوە و لە هەوراماندا لە سەر زاری خەڵکی ئاساییش ئەبیسترێن.

***وشەگەلی سەرەکی:*** هەورامی، ئەڤێستایی- مادی، زاگرۆسی، پاڵەوی، گۆرانی

## چکیده

در این مطالعه، سه مرحلهٔ تاریخی زبان کردی مورد بررسی قرار می گیرد. در ابتدا با استفاده از اسناد زبانی و تاریخی اثبات می‌شود که زبان‌های باستانی اوستا و مادی متفاوت ازهم نمی‌باشند و زبان‌های باستانی رشته کوه زاگرس از لحاظ آوایی، واجی و یا حتی نحویی و معنایی تاثیر بسزایی بر ریشه‌های زبان کردی یعنی اوستایی-مادی داشته‌اند که این زمان دورهٔ کهن و باستانی (اول) زبان کردی از نظر تاریخی محسوب می‌شود. این زبان بعد از زمان مادها و هخامنشی‌ها تحت عنوان زبان پهلوی شرقی یا مادی مرکزی معروف بود و در سرزمین ماد رواج داشت که از آن می‌توان به نام دوره‌ی میانه (دوم) زبان کردی نام برد. این زبان بعد از ظهور اسلام نیز با گونه‌ها و گویش‌های گوناگون خویش تحت نام زبان کردی نو همچنان ماندگار و باقی ماند. نتیجه این مطالعه نشان می‌دهد که گویش‌های زبان کوردی فعلی به همراه هورامی باقی مانده زبان‌های باستانی اوستای-مادی و زبان‌های ملل رشته کوه زاگرس هستند که بعدها به قول تاریخ نویسان تحت نام پهلوی غربی یا مادی مرکزی در سرزمین ماد سیر تاریخی خود را طی نموده‌اند و شعرا، ترانه سرایان، آوازخوانان و اورمنه‌گویان در مراسمات شادی در تمام سرزمین ماد با آن شعر و آواز سروده‌اند و همچنان با آن می سرایند در حالی که نزد بسیاری از کردها به نام "گورانی" معروف شده و در سرزمین هوارمان نیز مردم عادی هنوز هم با آن تکلم می کنند.

***واژگان کلیدی:*** هورامی، اوستای-مادی، زاگروسی، پهلوی، گورانی

۱. مامۆستای زمانناسیی گشتی، دایرەی پەروەردە، جوانرۆ، ئێران — jabarm40@gmail.com
۲. پرۆفیسۆری هاوکار لە زمانناسیی کاربوردی، زانکۆی ڕازی، کرماشان، ئێران — hiwaweisi@razi.ac.ir

## ۱- پێشەکی

زمان ڕۆڵێکی هێندە گرینگی لە ژیانی مرۆڤدا هەیە کە دەتوانین بڵێین بێ زمان ژیان بەم چەشنە نابێت و تا ڕادەیەکی زۆر ڕادەوەستێت. دەکرێت ئەم دیاردە هەرە گرنگە واتە زمان لە زۆر ڕوانگەوە شرۆڤە بکەین و بیدەینە بەر لێکۆڵینەوە. زمان بەر لە هەموو شتێک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و پەیوەندییەکی زۆری لە گەڵ چاند، ژیار و داب و نەریتی کۆمەڵگا جیاوازەکاندا هەیە. گرنگترین ئەرکی سەرەکی زمان بە گشتی دامەزراندنی پێوەندي لە نێو مرۆڤەکاندایە. هەروەها زمان بۆ ئەرکی دەربڕینی بیر و هزر و هەست و هۆناندنەوەی هۆنەریش بە کار دێت. کار لە سەر مێژووی زمان چەندین قۆناغی پێشزانستی تێپەڕاندووە و هەنووکەش بە سەربەخۆیی هەر وەک یەکێک لە زانستە مرۆڤییەکان لە زانکۆ و ئاکادیمیاکاندا جێگای خۆی کردوەتەوە. کۆمەڵە فاکتەرێک وەک زمان، ڕەگەز، داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و کەلتووری و ... ناسنامەی هەر نەتەوەیەک پێک دێنن و هەروەها زمانیش یەکێک لە سەرەکیترین هۆکارەکانی پێکهاتنی ناسنامەی نەتەوایەتییە. ناسین و ناساندنی بنەمای زمانی کوردی بە هەموو زارەکانییەوە و بەتایبەت هەورامی بە هەموو تایبەتمەندییە جیاوازە زمانەوانیەکانیەوە بە شێوەیەکی زانستی و بە پێی یاساکانی زمانەوانی و مێژویی ئەرکێکی زۆر پێویستە و ماندووبونی زانایانی بواری زمان و دیرۆک دەخوازێت.

زۆرینەی زمانناسان هەر دوو زمانی کوردی و فارسی بۆ یەک سەرچاوە دەگەڕێننەوە کە ئەویش خێزانی زمانی ئێرانییە و خێزانی زماني ئێرانیش بۆ سەرچاوەی کۆزمانی ئاری یان هیندوئەورووپایی ئەبەنەوە. لەم نێوەندەدا کەسانێک وەک سۆران حەمەڕەش (۲۰۱۳: ۲۸) بنچینەی زمانی کوردی ئەگەڕێننەوە بۆ بەر لە کاتی ئارییەکان واتە بۆ زمانی سۆمریی و هیتی و لۆلۆ و هوریانی و کاسییەکان و .... . هەروەها ڕەفیق شوانی (۲۰۰۸: ۱٤۷) بە هاوردنی وینەگەلێک کاریگەری وشەی ئەم زمانانە لە سەر کوردی ئێستا دەر ئەخات. بەڵام ئێمە لەم وتارەدا دەمانەوی بە بەلگەوە بیسەلمێنین کە زارەکانی زمانی کوردیی نوێ بە هەورامییەوە پاشماوەی زمانی کۆنی ئەویستا-مادین؛ لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەری ئاسەواری هەموو زمانانی دەرهاوسێ لە سومرەوە هەتا گووتی، هیتی و ئەویتر لە ڕەوتي مێژوودا بە سەر کوردییەوە و بە تایبەت بە شێوازێکی پاراوتر بە سەر هەورامییەوە تاکوو ئیستاش دیارن.

لەم پێناوەدا بە وتەی ئەحمەد عومەر (۱٤۰۲: ۲۹۹) هەندێک لە رۆژهەلاتناسان و گەشتیارە ئەورووپی و ڕووسییەکان وەکوو ئۆسکار مان[1]، ئێدمۆندس[2]، مینۆرسکی[3]، مەکنزی[4] و ئەوانی دیکە

1. Oskar Mann
2. Edmonds
3. Minorsky
4. Mackenzie

بۆ هۆکاری تایبەتی خۆیان لە سەر زمان و دیرۆکمان کۆڵیونەتەوە. گەلێک لە زانایانی کوردیش وەکوو تەوفیق وەهبی، جەماڵ نەبەز، ئەمین زەکی بەگ و ئەوانیتر لە سەر زمان و مێژووی کورد وردبوونەتەوە و هەوێنی شانازی و بەختەوەرییە کە هەنووکە کتێبخانەی کوردی بە هۆی ئەم پسپۆڕانەوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گەشە ئەکات و دەوڵەمەندتر دەبێت و دیاردە شاراوە و نادیارەکانی ئەم نەتەوەیە بەتایبەت مێژووی زمانەکەی ڕوونتر دەکرێتەوە؛ هەر بۆیە ئەم نووسراوەیە چاوخشاندن و سرنجێکی گشتییە لە سەر دیرۆکی زمانەکەمان بە تایبەت زاری کەمتر گۆڕاوی هەورامی تا باشتر ڕابردوو و ناسنامەی لە بیرکراومان بناسین و بە خەڵکانی تری بیانی بیناسێنین.

هەر بەم ڕێبازە و لەم وتارەی ئێستادا دوای کورتەیەک لە پێشینەی لێکۆڵین لەسەر ئەم بابەتە لە بەشی دووهەمدا، دواتر هەندێ بۆچوونی مێژوونووسانی ئیسلامی و بەڵگەی زمانەوانی و بیروڕای زمانەوانە سەردەمەکان رێک دەخەین کە ئاماژەیان بەم باس و بابەتە کردووە. هەروەها ئەم توێژینەوە راستەوخۆ ئەم ئەنجامەی لێ دەکەوێتەوە کە زارەکانی کوردیی نوێ بە هەورامیشەوە پاشماوەي زمانەکانی کۆنی ئەویستا-مادی و زمانانی نەتەوەکاني ڕیزەچیای زاگرۆسن کە کاتی هەتاکوو دوای دەسەڵاتداری هەخامەنەکانیش درێژەی هەیە و قۆناخی دیرۆکی کۆنی زمانی کوردی پێکدێنن؛ کەچی دواتر بە وتەی مێژوونوسان و بەپێی ئەو هەموو هەڵبەست و شیعرە کە بە دەست ئێمە گەیشتوون لە ژێر ناوی پاڵەوی ڕۆژاوایی لە وڵاتی مادی ناوەڕاستدا ڕەوتی مێژووی خۆی وەکوو قۆناخی دیرۆکی ناوەڕاستی زمانی کوردی بڕیوە و هەڵبەستوانان لە تەواوی خاکی مادا بە درێژایی مێژوو هۆنراوەیان پێ گوتووە و هۆرەچڕان، ئورامەنبێژان و گۆرانیبێژان بە هۆرە و سەرەمۆر لە کۆڕی ماتەم و پرسەدا و بە ئورمەنە و گۆرانی و سیاچەمانە لە زەماوەن و لە کۆڕی شادیدا وتوویانە و ئەیڵێنەوە کەچی لە لای کوردان هۆنراوە شادەکان بە "گۆرانی" لە پانتایی خاکی کورداندا ناوبانگییان دەرکردوە و لە هەوراماندا لە سەر زاری خەلک هەر ئیستاش ئەبیسترێن.

## ٢- پێشینەی لێکۆڵینەوە

هەورامی گرنگی و قورساییەکی زۆری لە مێژووی زمانی کوردیدا هەیە و زانایانی خۆماڵ و شارەزایانی دەرەوەش لێکۆڵین و شیکاری شیاویان لە سەر ئەم بنزارەی شێوەزاری گۆران/زازای زمانی کوردی ئەنجام داوە. یەکەمین کەسی بیانی جی دوومورگان[1] بوو کە لە سەر هەورامی دەستی بە لێکۆڵین کرد و توانی نووسینەوەکانی لە ساڵی ١٩٠٤دا بڵاو بکاتەوە. دوای ئەو ئەیج مەیر بەندیکستن[2] لە ساڵی١٩٠١ لە هەورامان دیداری کرد و نووسراوەکانی لە سەر هەورامی لە ساڵی

1. G.D. Morgan
2. Age Meyer Benedictsen

**۱۹۰۲۱**دا لە چاپ دران. هەروەها زمانەوانی ئاڵمانی ئۆسکارمانیش لە نێوان ساڵەکانی **۱۹۰۱** و **۱۹۰۷**دا چەن جار سەردانی ئێران و بە تایبەت ناوچە کوردنشینەکانی کرد و شتانێکی لە سەر تایبەتمەندییە زمانییەکانی ئەم ناوچانە بە هەورامیشەوە کۆکردەوە.

بەڵام ئەوە مامۆستای زانستگای ئاکسفۆرد مەکنزی بوو کە شیکارییەکەی بە ڕێبازێکی ڕێکوپێکی زانستی و هەمەلایەنانە لە سەر تایبەتمەندییە زمانییەکانی هەورامی لە ساڵی **١٩٦٦**دا بە ئەنجام گەیاند و دواتریش هەر چەندین وتاری لە سەر هەورامی نووسی کە هەتاکوو ئێستاش توێژینەوە و بۆچوونەکانی بەتایبەت لە سەر مێژوو و شوێنی هەورامی لە نێو زمانە ئێرانییەکاندا جێگای تێڕامان و پرسیارن. تەنانەت مەکنزی (**١٩٦١**) لە سەر بۆچوونی تدسکۆی[1] ئاڵمانی زمانی کوردی بە لقێک لە زمانەکانی باشووری ڕۆژاوایی هەر وەکوو فارسی ئەژمار دەکات و بە پێچەوانەی بیر و ڕای مینۆرسکی (**۱۹۳۸**) زمانی مادی وەک بناخەیەکی زمانی کۆردی ئێستا ڕچاو ناکات.

بەڵام جگە لە مەکنزی و چەند کەسێ‌تری شوێنکەوتووی وی زۆربەی زماناناسان، دیرۆکنووسان و سەرچاوە مێژووییەکان، خۆرهەڵاتناسان، جوگرافیزانان، گەریدە و گەشتیاران، و بەتایبەت لێکۆڵەر و توێژەرە نوێکان لەسەر ئەو هزر و بیر و ڕامانەدان کە کوردی بەگشتی بەپێچەوانەی فارسی لقێک لە زمانەکانی باکووری ڕۆژاواییە و بنزاری هەورامیش لقێکی دانەبڕاوی زمانی کوردییە و زمانی مادەکانیش بەردی بناخەی کوردیی ئێستا بە گشتییە. بۆ ئەم مەبەستە پسپۆڕانێک وەکوو تەوفیق وەهبی (**١٩٦٥**)، کەماڵ مەزهەر (**۱۹۷۳**)، جەماڵ نەبەز (**١٩٧٦**) و ئەوانی‌تر بەڵگەی جۆراوجۆری زانستی، زمانەوانی، کۆمەڵایەتی، ڕامیاری، دیرۆکی و ...-یان دژ بەم بۆچوونەی مەکنزی پێشکەش کردوە کە ئەم وتارەش هەر ئەم ڕێبازە دەگرێتە بەر کە شێوەزمانی هەورامی بنزارێکی زمانی کوردییە و بانتر لەمە زمانی مادی و ئەوێستایی هەر یەکن و سەردەم و ڕەوتی مێژووی کۆنی زمانی کوردی بەتایبەت هەورامی پێکدێنن.

دواتر کەسانێکی زۆر بە نووسینی کتێب یان وتاری زانستی وردەکارییەکانی هەورامیان باشتر داوەتە بەر باس و لێکۆڵین و توێژینەوە کە بە پێی ئاگاهی خۆمان ئاماژە بەم نووسەر و توێژەرانەی ژێرەوە ئەکەین: محەمەدپوور، ١٣٧٦، ئەمینی، ١٣٧٧، هولمبرگ و آدن[2] ۲۰۰۴، ڕەحیمی ۱۳۸۶، کەریمی‌دوستان و نەقشبەندی ۱۳۹۰، میرانی، ۱۳۹۴و۱۳۹۰، کەریمی ۱۳۹۱، ۲۰۱۵ و ... ،

1. Tedesco
2. Holmberg and Adden

سەنەندەجی ١٣٩۴، سەجادی ١٣٩٤، ١٣٩٥، ١٣٩٧و ٢٠١٩، کەریمیدوستان، میرانی ١٣٩٥ و ١٣٩۶ و ئەوانیتر.

هەر بەم ڕێبازەدا ڕەفێق شوانی (٢٠٠٨) بە هاوردنی وێنەگەلێک کاریگەری وشەی زمانانی سۆمریی، هیتی، لۆلۆویی، هوریانی و کاسیی و ئەوانیتری لە سەر وشەگەلی کوردی ئێستا دەرئەخات. هەروەها سۆران حەمەڕەش یەکێ لە بنچینەکانی زمانی کوردی ئەگەڕێنەوە بۆ بەر لە کاتی ئارییەکان؛ واتە بۆ زمانەکانی سۆمریی، هیتی، لۆلۆوی، هوریانی، کاسیی و هەندێکی تر. بەم شێوازە، مێژوونووسان و زمانناسان لە سەر پێوەندیی زمانی کوردی و ئاڤێستا بابەتییان نووسیوە.

لە سەر ئەم بابەتە خۆرهەڵاتناسی بەناوبانگ دارمستری[1] فرانسی (١٨٨٣: ٢٠٢) دەڵێت کە کتێبی ئاڤێستا بە زمانی نەتەوەی ماد نووسراوە و زمانی کوردیش دەچێتەوە سەر ئەو زمانە. هەروەها، تەوفیق وەهبی (٨:١٩٧٧) دەڵێت زمانی کوردی بە تایبەت شێوەزمانی گۆران و بنزاری هەورامی لە هەموو زمانە ئارییەکانی ترەوە لە زمانی ئاڤێستا نزیکترە.

زۆربەی مێژوونوسان و گەشتیارانی ئەو دەمەی دوای هاتنی ئیسلام لە سەر ئەو بڕوایە کۆکن کە دوای ڕۆخانی ناوەندگرایی عەباسییەکان زمانی پاڵە لە وڵاتی ماددا باو بووە و خەڵک و شاعێران هۆنراوەیان بەم زمانە هۆنیوەتەوە. تەییب تاهری (١٤٠٠: ٥٥) لە پێشەکی وتارەکەیدا باس لە ناوچەی پاڵە و ماد دەکات و بە تێکڕایی وێنگەی هەموو مێژوونوسان و گەشتیارانی دوای ئیسلام بۆ سەلماندنی کووردبوونی یان پاڵەبوونی ناوچەیەکی بەرفرە هەتا فارس و ئێسفەهان وەک بەڵگە دێنێتەوە.

زرار سدیق (٢٠١٨: ٦٠) لە وتارێکدا ئاماژەی بە وتەی ئەم مێژوونوسانە کرددوە و بۆ وێنە مەقدەسی (٥٩٥ک: ١٣٨) دەبێژێت کە خەڵکی هەمەدان بە زمانی "واتم، واتی" کە زمانێکی وەهایە قسەیان کردووە کە واتە زمانی پاڵەش لەوێدا کەڵکی لێ وەرگیراوە. هەروەها ئەو باس لە هۆنراوەگەلێکی زۆری کردوە و لە وتارەکەیدا هاوردوونی کە لە سەر نێوی فەهلەوییەکان لە شار و جێگا جیاوازەکانی وڵاتی ماددا بە هەندێ جیاوازی لە وشە و ڕێزماندا هەر لە سەدەی چواری کۆچی بەم لاوە وتراون. بە بۆچوونی ئەم نووسەرە لەبەر ئەوەی ئەم هۆنراوانە ئاهەنگیان هەبووە لە لایەن گۆرانی بێژانەوە کەڵکیان لێ وەرگیراوە و لە کۆڕی شادی و زەماندا گوتراوەن و بە نێوی ئۆرامەن و گۆرانی ناوبانگییان دەرکردوە و لە هەورامانیدا لە سەر زاری خەڵک هەر ئیستاش ئەبیسترێن؛ بۆ وێنە ئەم وشانەی پاڵەوییە واتە: هەڵسی، یەوی، ژەنی، ڕۆچن، هامن، یەرێ بە نەختێک گۆڕانەوە لە هەورامی ئێستادا بە ئەرسی، یەوە، ژەن، ڕۆشن، هامین، یەرە دیار ئەکەون.

1. Darmester

## ۳- قۆناخەکانی زمانی کوردی

### ۳-۱- زمانی کوردی و زمانانی نەتەوەکانی ڕیزە چیای زاگروس

لە دەسپێکی ئەم بەشەدا با بە چیرۆکێکی قورئانی پیرۆز دەس پێ بکەین کە لە زۆربەی ئایینەکاندا باسی کراوە؛ ئەم چیرۆکە بە زریانی نووح ناوبانگی دەرکردووە و چیرۆکێکی سەرنج ڕاکێشە. دەگوترێت کە لە دوای تۆفانی گەورەی نووح، هیچ گیان لەبەرێک جگە لە نووح و هاوڕێیانی لە سەر زەوی نەماون؛ بە وتەی قورئان «و اسْتَوَتْ عَلَى الْجُودِيِ؛ و لە سەر جوودی نیشتۆتەوە» (هوود: ٤٤) کە مەبەستی ئەوەیە کەشتییەکەی نووح لە سەر چیای ناودەری جوودی کە ئێستا سەر بە باکووری کوردستانە نیشتۆتەوە. بەمجۆرە، بە پێی ئەم چیرۆکە دەبێت بێژین: کوردستان بە لانکەی دووهەمی مرۆڤایەتی دێتە ئەژمار و سەر لە نوێ ژیان و بووژانەوە لەم مەڵبەندەوە بەرەو هەموو لایەک پەرەی سەندووە، ئەم چیرۆکە بە ئەنجامێکی ڕێژەییمان دەگەیەنێت؛ واتە، کە زمانی ئەم دەڤەرە زمانی بنجی و بنچینەیی هەموو زمانانە، بەڵام شوێنکاتی ئەم چیرۆکە بۆ سەردەمانێکی زۆر کۆن و کەونینەیی مێژوو دەگەڕێتەوە و ناکرێت بە کۆڵەکەیەکی پشت ئەستووری زانستی دای بنین کە گوایە حەزرەتی نووح کوردە یان زمانی کوردی پاشماوەی زمانی قەومی حەزرەتی نووح بووە.

هنربیشلر[1] (۲۰۱۲: ۷۷) لە سەر بنەچەی کوردان و زمانەکەیان دەڵێت نوێترین داتای نێوان-زانستی بەردەست لە پالێۆ/ئارکیۆ- جینێتیک، دیئێنئەی-نەسەبناسی، شوێنەوارناسی، زارناسی مێژوویی، زمانەوانی و زانستی مێژوو، کە لەم شیکارییە نێوان زانستییەدا خراوەتەڕوو، ئاماژەیەکی بەهێز دەدەن کە هەردوو باو و باپیرانی نەتەوەی کورد و هەروەها باو و باپیرانی ئاخێوەرانی زمانی "کۆمپلێکس یان ئالۆزی کوردی" پێشتر لە زایین لە زێدی ئۆراسیای باو و باپیرانیاندا هەبوون. هەروەها، پێدەچێت وشەی "کوردان" لە وشەی گریمانەکراوی سەرچاوەی سۆمەری بنەچەی "کور"ەوە وەرگیرا بێت کە بۆ یەکەمجار هەزاران ساڵ پێش زایین بە واتای [کور = شاخ/زەوی] واتە "دانیشتووانی شاخەکان" یان بە شێوەیەکی ئاسایی شاخەوانان ("بەرگلێر") تۆمارکراوە.

هەروەها، دەستەوشەی داڕێژراوی چەتراسای "کور"- وشەی جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێت، هەندێکیان هاوشێوەی "کور-تی"، بە مانایەکی فراوانتر "کار-دا"ش دەنگ دەدەن، هەندێکی تر تەواو جیاوازن وەک گ/ک/قوتی، لولوبی، ئەڕفە ، ئوربیلوم، زەموە، مێهری، بابەنهی و سەرەڕای ئەوەش وەکوو وەرگێڕدراو بۆ یۆنانی و ڕۆمانی وەک کارداکس، کاردوخی، کیرتی (کیرتیۆی) دەردەکەون. ئەمە بە هەمان شێوە دەسەلمێنێت، کە هەموو کوردەکان (قسەکەرانی "کۆمپلێکسی کوردی") لەم ناوە

1. Hennerbichler, F.

بنەماڵەیەدا (ناوی وشەی داڕێژراو) هاوبەش نین. بەڵام دیارە زۆربەیان خۆیان بە "کورد" ناودەبەن و خۆیان لەگەڵ نیشتمانێکی هاوبەشی "کوردستان" (خاکی کورد) پێناسە دەکەن. ئەمە ئاماژەیە بەوەی کە پێ دەچێت کوردان نەوەی زۆرێک لە باوباپیرانی کۆن (ژێرخانە) لە ڕۆژهەڵاتی نزیک و ئۆراسیا بووبن کە بە تێپەڕبوونی کات بە زمانی جۆراوجۆر قسەیان کردووە و زمانی ئێستا تەنیا دوا زمانی ئەوان بێت.

هەر بەم بۆنەوە، باشتر وایە بە پێی بەڵگە مێژووییەکان ڕەوتی مێژوویی و سەرەتای زمانی کوردی بەگشتی و هەورامی بەتایبەت بەر لە هاتنی ئارییەکان بۆ بانی ئێران بۆ نێو نەتەوە کۆنەکانی زنجیرەچیای زاگرۆس وەک گووتی، هووریانی، ئوراتویی، لۆلۆبی، سوبارتوویی، کاسی و ... بگەڕێنینەوە. ئەم نەتەوانە یەک لە دوای یەک یان هاوکات لەم وڵاتەدا دەسەڵاتدار بووگن و بە دامەرزاندنی دەوڵەتی ماد یەکێتییەکیان بۆ بەربەرەکانێ و دژبەری و بەرخۆدان لە بەرانبەر زلهێزی ئاشوورەکان پێکهێنا. بە پێی نەخشە مێژووییەکان، هۆزی هوریانییەکان لە ناوەندی دەسەڵاتی مادەوە نزیکتر بوون و بگرە دەسەڵاتدارانی مادیش هەر لەم هۆزە بوون و پەرەیان بە زمان و داب و نەریتی هووریانییەکان دابێت.

سەرەڕای ئەم گریمانە، لە ڕوانگەی بنەماکانی زمانەوانی بەراوردی یان مێژووییەوە، ئاسەواری ئەم زمانانە بە سەر کوردی ئەمڕۆدا و زۆرتر لە هەورامیدا بە دی دەکرێن. هەر کام لەم بنەماڵە دەسەڵاتدارانە مۆرکی ناوی خۆیان لە سەر جوگرافیای ئەو ناوچانەی ژێر ڕکێفی خۆیان داکوتاوە و ناوی ئەوان دوای هەزاران و سەدان ساڵ هەر لە سەر چیا و بەرزای، ئاو و چەم، دەشت و دەر و گوند و شار و بەگشتی لە هەموو شوێنەناوەکانی ئەم ناوچەیە ماوەتەوە. بۆ وێنە ناوەچەی خانەشوور، دەشتیوەڕ و هەورامان، ماکوان و مایەشت و ماپریس، بەنییەز و جوانڕۆ یادگاری دەسەڵاتداری ئاشوورەکان، هورییەکان، مادەکان، بەنیئەناز، جاوانەکان و هتد لە سەر ئەم جێ و شوێنانەن.

ڕەفێق شوانی (٢٠٠٨: ١٤١-١٤٧) لە کتێبی *زمانی کوردی و شوێنی لە ناو زمانەکانی جیهاندا* چەندین وێنەی لە سەر پاشماوەکانی ئەم زمانانە لە کوردی و بە وێنەیکی بەرچاوەوە لە هەورامی ئەمڕۆدا باس کردووە، هەروەها ئەگەری پێوەندی کوردی لەگەڵ ئاسەوارە کەونینەییەکاندا وەک چیرۆکی گیلگامێش بە بەراورد هەیە. ئەم زمانانە لە ڕووی بوونی وشەی هاوبەش و لەیەکچوو و هەروەها لە ڕووی گۆڕانی دیاردەی دەنگسازییەوە لەگەڵ کوردی ئێستادا پێوەندییان هەیە. دەشێت و کارێکی زانستیشە بە زمانی کوردی بڵێین زمانی زاگرۆسی و ئەم زمانە یەکێ لە بنەماکانیەتی و بە جۆرێک کوردی ئیستا پاشماوەی زمانی نەتەوەکانی سومری، لۆلۆبی، گووتی، هوریانی، کاسی، ئۆرارتوویی و سۆبارتۆییە و ئەمانە پێشینیانی کوردی ئەم ڕۆژگارەن. هەر بۆیە ناوی چیای زاگرۆس لە لای کورد پیرۆزە و بەڵگەی ڕەسەنایەتی و جێگە و پێگەی گەشەسەندنی کوردە.

دیاردەی گۆڕانی دەنگەکانی (ە، خ، س، ش) بە یەکتریییەوە لە کوردی ئیستادا هەر وەک زمانە کۆنەکانی زەنجیرەچیای زاگرۆس بەدی دەکرێت: وەک گۆڕانی کاسی بە کاشی، خووزی بە هووزی. ڕەفیق شوانی هەروەها هەندێک وشەی لە کوردی ئەمڕۆدا بە پاشماوەی زمانە زاگرۆسییە کۆنەکان ناوبردووە؛ بەڵام بەراودێکی وشەکانی ئەم زمانانە لەگەڵ زار و بنزارە جیاوازەکانی ئەمڕۆی کوردیدا پێویستی بە ماندووبوون و ئەرکی زانستی زۆرتر هەیە. لە خوارەوە هێندێک لەم وشانە لەم وتارەدا دەخەینە بەرچاوی خوێنەران کە ڕەفێق شوانی (۲۰۰۸: ۱٤۲) ئاماژەی پێکردوون؛ بۆ نموونە وشەکانی کەنیشک، گەل، شار، گوان، یەک، شەش، کەورگ، هێلانەی ئێستای کوردی بە کەمێک گۆڕانەوە لە زمانی سۆمرییەوە هاتوون. گاهەز وشەکانی ئاوی بڵ و بووم لە زمانی لۆلۆبییەکاندا کە لە ڕیزە چیاکانی زاگرۆس دا واتە لە زەهاو و شارەزوور و سلێمانی ژیاون بە ئێمەی ئێستا گەیشتبێت. بۆ سەلماندنی پێوەندی کوردی و کاسیش گریمانەی ئەوە هەیە کە وشەکانی کوێخا، سەریاس، ئاسۆ، ئاسن، ماسی، ئاگر، هۆز و خێزان لەم زمانەوە هاتوون نێو کوردی. هەر وەها خۆر و ئێسک و وەرد لە هیتییەوە هاتوون.

هەر لەم کەینوبەینەدا کەسانێک وەک سۆران حەمەڕەش (۲۰۱۳: ۱۳۰) یەکێ تر لە بنچینەکانی زمانی کوردی بەگشتی ئەگەڕێننەوە بۆ تەنانەت زمانی سۆمریی و یەکبوون و لێکچوونی وشەیەکی زۆر لە نێوان کوردی و بە ڕوونترەوە هەورامی و زمانی سۆمریی، هیتی، لۆلۆبی و هوریانی و کاسییەکان و ئەوانی تر بەپێی بۆچوونی خۆیان لە چەند بەشدا باس دەکات. هەرچەن کتێبەکەیان بابەتی گرینگ و بەنرخی زۆری تێدایە، بەڵام وەک ڕەخنەییەک لەو تەوەرانی لێکچوون کە پێشکەشی دەکات، ئەبێ بڵێین ئەم نووسەرە کەمتر ڕچاوی یاساکانی زمانەوانی مێژووی دەکات و لە زۆر جێگادا وەها دیار دەکەوێت کە بەزۆر دەیەوێت لێکچوونی وشەکان لە نێوان زمانە کۆنەکان و زارەکانی کوردیدا بسەلمێنێت.

ئەو لە لاپەڕەی ۱۳۹دا ڕستەگەلێکی کوردی وەک 'بابەم نەما(و)ە'ی هاوردوە و وەرگێڕانی سۆمەرییەکە بە شێوازی ’pap mu nu me a‘ یان 'پاپمۆ نە مێە' داناوە ئیدی ڕوونی نەکردووەتەوە کە ئەم لێکچوونە هەڵکەوتە یان بە پێی بنەماکانی گۆڕانی زمانەوانی مێژووییە و ئەگەر وایە بە پێی چ یاسایەکی گۆڕان 'پاپ' بووە بە 'باب'، 'موو 'بووە بە 'م'، 'نوو' بووە بە 'نە'، 'مێ' بووە بە 'ما(ن)' و ... هتد.

### ۲-۳- بنەمای کۆنی زمانی کوردی: مادی، ئەویستایی، یان ئەوی دی؟

زمانەوانان خێزانی زمانی ئێرانی کۆن بە سەر چوار بەشدا پۆلێن دەکەن: سەکایی، مادی، فارسی کۆن، ئەڤێستایی. هەروەها کە دەڵێن دواي بلاوبوونەوەي ئارياييەکان، مادەکان لە رۆژئاوا، پارسەکان

لە ناوەڕاست و باشوور و پارتەکان لە رۆژهەڵاتی وڵاتی ئێستای ئێران نیشتەجێ بوون؛ بۆچوونی جیاواز لە سەر شوێنکاتی لە دایکبوون، ژیان و سەرهەڵدانی زەردەشت پێغەمبەری ئارياییەکان هەیە، بەڵام زۆربەی مێژوونووسان لەو باوەڕەدان کە زەردەشت پێغەمبەری ئارییەکان لە ڕۆژئاوای ئێرانی ئێستا هاتووەتە دونیا و هەر لەوێوە پەرەی بە دینەکەی داوە. شوێنەوارێک کە ئاشۆ زەردەشت لە ئاڤێستادا باسی دەکات تەنیا لەگەڵ شوێنەواری وڵاتی مادەکاندا دەگونجێت.

مادەکان لەگەڵ نەتەوە زاگرۆسییەکاندا تێکەڵ بوون و یەکیان گرت و بە یەکگرتوویی پەرەیان بە دەسەڵاتی خۆیان لە هەموو هەوراز و نشێوەکانی زەنجیرە چیای زاگرۆسدا داوە و تەنانەت توانیان ئاشوورییەکانیش لە ناو بەرن. ئەگەری ئەوە لە ئارادایە کە زمانی مادەکان و زمانی نەتەوە و هۆزە کۆنەکانی زاگرۆسی کاریگەرییان لە سەر یەکتر دانابێت و ئەم کاریگەرییانە بووبێت بە هۆی سازبوونی زارێکی نوێ کە زەردەشت گاسەکانی پێ نووسیبێت؛ واتە ئاڤێستای زەردەشت هەڵقوڵاوی زاری تێکەڵاوی دانیشتووانی کۆنی زاگرۆس بە مادیشەوە لە سەر هەمان زنجیرە چیا لە دوای تێپەڕبوونی زەمەنێک بووبێت.

لە بەر ئەم هۆیانەی سەرەوە وتمان ئەگەری ئەوە هەیە ئاڤێستاش لە زمانە کۆنەکانی زەنجیرەچیایی زاگرۆس کاریگەری وەرگرتبێت. سەرەڕای ئەمە ئاڤێستا لەگەڵ زمانی فارسي کۆن جیاوازە و کاتشوێنی نووسینی ئاڤێستا لەگەڵ ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری هەخامەنشییەکاندا ناگونجێت؛ بە بڕوای تەدسکۆ (١٩٢١: ١٨٩) دوو زمانی کۆنی ئێرانیمان هەیە: پارسی کۆن کە زمانی ئێستای فارسی دەگرێتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ کاتی هەخامەنشییەکان، ئەویتریان ئاڤێستایە کە بنەچەقی دیار نییە و تا ئێستا نەزانراوە کە لە بنەڕەتدا زمانی کام نەتەوەی کۆنی ئێرانی بووە.

لەگەڵ ئەوەشدا، لە کتێبی *ڕێنوێنی زمانە ئێرانییەکان* دا سەردێڕێک لە نیشانە تایبەتییەکانی متمانە پێکراوی مادی وەک هەبوونی دەنگەکانی sp، dz، ts، rө (١٣٨٦: ١٥٦) لە وشەدا باس کراوە کە سێ دنکی یەکەمیان بە تەواوی و دواهەمینیان واتە rө بە نەختێک گۆڕانەوە لەگەڵ ئاڤێستادا یەکن و لەگەڵ پارسي کۆندا جیاوازن. هەروەها لەیەکچوونی تەنیا ئەو چەن وشەیە کە بە دڵنیاییەوە بە زمانی مادی سەلمێنراون و لە زمانی مادییەوە بەجێ ماون لەگەڵ زارە کوردییەکان بەتایبەت هەورامیدا سرنج ڕاکێش و ڕوونە؛ ئەم وشانە بریتین لە "برزیە (بەرزی)، سپەک (سڵپۆت)، ئەسپ، وسپ (گشت)، زەنە (زایین)، دەهی (دەگا)، سوخرە (سوور)، شاسر (گەورە یان شا یان سەر(ۆک)) و فەڕ (فەڕ).

سەرەڕای هەمووی ئەمانە، زۆربەی مێژونووسان لەو باوەڕە دان کە زەردەشت لە ناو خەڵکی پارسدا نەژیاوە؛ لەم بوارەدا تەدسکۆ (١٩٢١: ١٩٣) دەڵێت کە گاسەکان بە زمانێکي جیاواز لە زمانی پارس و هخامەنشییەکان وتراون کە لە نێوان تایبەتمەندییەکانی زمانەوانی گاسەکان بریتی

لە دەنگسازی، وشەسازی، ڕستەسازی لەگەڵ زارەکانی کوردی و زۆرتر لە تەک هەورامیدا لەیەکچوونێکی یەکجار بەرفراوان بەدی دەکرێن؛ سەرتر لەمە، لە کتێبی *ڕێنوێنی زمانە ئێرانییەکان*دا، ژان کلێنز[1] (١٩٣٩: ٧٥) گوتوویە کە تایبەتمەندی دەنگەکانی ئاڤێستا بەڕوونی ئەوە دەردەخات کە ئەم زمانە زاری باو لە نێو پارسەکاندا نەبووە.

هەر لەم پێناوەدا، کاتی کۆچی ئارییەکان بیر و ڕای جیاوازی لە سەرە؛ بەڵام زۆربەي خۆرهەڵاتناسان ئەم کۆچە لە نێوان ساڵانی ٧٠٠ تا ١٠٠٠ پێش زایین دادەنێن؛ ساڵەکانی ژیانی زەردەشتیش (٦٦٠ تا٥٨٣ پ.ز) لە کاتی دەسەڵاتداری ماد (٧٥٠-٥٥٠ پ.ز) نێزیکە کە ئەم کاتەش لەگەڵ دەسەڵاتداري مادەکاندا ڕێک دێت. بۆ ئەم مەبەستەی سەرەوە محەمەدپوور (١٣٧٦: ٩٤ و ٩٥) وتەی چەند پسپۆڕی گەورەی ئێرانی وەک مەلەکولشوعەرای بەهار، موعین و پووورداوود و هەروەها چەند زانای گەورەی کوردیش وەک جەماڵ ڕەشید، کەماڵ مەزهەر، محەمەد ئەمین هەورامی ئەگێڕێتەوە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە زارە کوردییەکان لە زمانی مادی کە بە بڕوای ئەوان هەمان زمانی ئەوێستایە بوونەتەوە. ئەوان وتوویانە کە چۆنیەتی مانا و شێوازی وشەکان بە تایبەت جیاوازی نێر و مێ لە سەرکار و بەرکاردا بەتایبەت لە هەورامیدا بە وێنەی زمانی ئەوێستایە.

جەماڵ ڕەشید (١٩٨٨: ٤٤٣) بە لێکۆڵینەوەیەک لە سەر هێندێک وشەی زارە کوردییەکان مێژووی ئەم وشانە ئەباتەوە سەر ئاڤێستا. دارمستر (١٩٤٨: ٢٠٢) دەڵێت کە زمانی ئاڤێستا هەمان زمانی مادەکان بووە و هەروەها گوتوویەتی ئاشۆ زەردەشت خۆی و دواتر موغەکان واتە ڕێبەرانی ئایینی زەردەشت لە هۆزی مادەکان بوون و بە شێوازی خەڵکی ئەم ناوچەیە ئاخافتوون و جلوبەرگیان پۆشاوە.

هەروەهاش زۆربەی نەتەوەکانی دەوروبەر، بگرە گریکەکانیش تا ئەم دواییە بۆ ئەم ناوچە لە دەستەواژەی ماد، ماە، مار، مادی گەورە و بچووک کەڵکیان وەرگرتووە کە بەم پێیە بەڵگەیەکی دیکە لە سەر یەکبوونی زمانی کوردی و مادی، نووسراوەیەکی کڵێسەیی بە ئەلف و بێی ئاڵبانی و بە زارەی کرمانجی ژوورەوەیە کە بە زمانی ئەرمەنی ناوی زمانی مار یا مادی لە سەردا نووسراوە. بۆیە ڕوون دەبێتەوە کە زمانی کوردی هەر هەمان زمانی دەسەڵاتدارەکانی ماد و بەجێماوی ئەوانە. ئەم نووسراوە بە زمانی مادییە بە ڕێنووسی لاتین بەم شێوەیە:

Pakezh xode, pakez zahm, pakez vemark, koj hat i xace eshkerme, rahmat e ma.

بە وتەی موکریانی (٢٠٠٨: ٧٨):

> ئەمە و ئەمڕۆ ئەم تێکستە بەر زمانی کوردی، دیالێکتی کرمانجی (کوردی) باکوور دەکەوێت، هەروەها توێژەری ئەم دەسنووسە باسی ئەوەی کردووە کە وا لە شوێنانی دی ئەم دەسنووسەدا تێکستی دی بە زمانی ماد هەیە و هێماشی بۆ ئەوە کردووە کە وا مادەکانیش ئەلفبێی تایبەتی خۆیان هەبووە.

---

1. Jhon Kellens

... ئەگەرچي تەواوبوونی ئەم دەستنووسە بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی پازدەهەم دەگەڕێتەوە، بەڵام من لە بەر ئەو هۆیانەی ژێرەوە وای بۆ دەچم کە وا تێکستە کوردییەکە و ئەوانی دیش بۆ کۆتایی سەدەی هەشتەم و سەرەتای سەدەی نۆیەمی زایینی بگەڕێتەوە.

بۆ سەلماندنی ئەم بابەتە، موکریانی (٢٠٠٨: ٨٠-٧٨) پەنج هۆکاری پێشکەش کردووە کە لێرەدا جێی باس کردنیان نییە. هەروەها بۆ سەلماندنی ئەم بابەتەي سەرەوە ئەبێت ئەو باسەی شیخ ابوبکر احمد بن وحشیه النبتی پێشکەش کەین کە لە نێو بەرهەمی خۆیدا لە ژێر سەرنێوی *شوق المستهام في المعرفه رموز الاقلام* و لە ساڵی ٢٤١ کۆچیدا (٨٢١ز) نووسیویەتی و باسی جۆرێ نووسینی کوردی کردوە کە وا دوو نووسەر بە نێوەکانی بینوشاد و ماسي السوراتي هەموو جۆرە زانیاری و هۆنەر و کتێبی کوردییان کۆکردۆتەوە و ئەلفبێیەکی تایبەتیشیان بۆ زمانی کوردی داناوە (ل ٢٠٤).

## ٣-٣- قۆناخی ناوەڕاستی زمانی کوردی: پاڵەوی ئەشکانی یان پاڵەوی ساسانی؟

مەکنزی (١٩٦١ب: ٨٦) گەشەی زمانی کوردی بە ڕەوتێکی جیاوازدا وێنا کردوە. بە پێی وینگەی ئەو، یەکەم جار زمانی کوردی بەرەو باکوور باری کرد و لە گەڵ زازاییدا تێکەڵ کرا. دواتر بەرەو باشوور لار بووە و جێی بە خەڵکی گۆران لێژ کرد و تەنگی بە زمانەکەیشیان هەڵچنی. تەنگ پێهەڵچنینی هەندێ لە تایبەتمەندییەکانی گۆران لە لایەن زمانی کوردییەوە بوو بە هۆی دروست بوونی زارەکانی کوردی ناوەڕاست و باشوور، کەچی لەم بەینەدا زاری کوردیی باکوور یان کرمانجی هەر بە پاراوی خۆی مایەوە.

بە پێی مەکنزی (١٩٦١ب: ٧٣) ئەم دۆخە لە سەر دوو گریمانە دامەزراوە: یەکەم کرمانجێ زمانی بنج و بنەوای (پرۆتۆتایپی) کوردییە و دووهەم گۆرانی دورگەکانی زمانین لە نێوی زەریای کوردیدا کە پاشماوەی زمانێکی یەکپارچەتر و بەربڵاوتری گۆرانین. توماس جوگل[1] (٢٠١٤: ١٢٩) ئەم گریمانەی مەکنزی ڕەد دەکاتەوە و ئەڵێ ئەم بۆچوونە جێی پرسیارە چوونکە ئەگەر وایە بۆچی نیشانەکانی دۆخی وشەسازی لە کرمانجی و گۆرانیدا وەکوو یەکتر بە دی دەکرێن واتە لێکچوونیان هەیە بەڵام ئەم تایبەتمەندییە لە زاری ناوڕاست و باشووردا نابینرێن. بۆ ئەم مەبەستە جوگل بە شێوەیەکی سەرەکی سەرنج دەخاتە سەر ئەم تایبەتمەندییە ڕێزمانییەی خوارەوە: ڕەگەزی ڕێزمانی، دۆخ و نیشانەی ناسین لە پێکهاتەی ناوەکیدا؛ ڕێککەوتنی فرمان و بنجەکانی فرمان؛ و نەخشی کۆدکردنی ئارگیومێنتە برگەکان (بۆ نموونە، نیشاندانی بەرکار) لە پێکهاتەی فرماندا دەکات و ئاماژە بە لێکچوون و هەبوونی ئەم تایبەتمەندییانە لە نێوان زارەکانی هەورامی و باکووردا بە پێچەوانەی زارەکانی ناوەندی و باشووردا دەکات.

1. Thomas Jugel

ڕەحیمی (١٣٨٧: ٤٤-٤٣) لە زاری چەند پسپۆڕێکی پایەبەرزەوە وەک یارشارتر و ئەزکاوە دەڵێت: "جگە لە زمانە فەرمییەکانی پالەوی باکوور و باشوور، پالەوی ڕۆژئاوایی لە مادستان برەوی هەبووە و مێژوونووسان بەو شێوەزارە وتوویانە فاڵەوی و نابێت زمانی کوردی و شێوە زارەکانی جیا لە (فالەوی) و بنەوانی ئەم زمانە جیا لە زماني مادی بزانین".

ئەبولقاسمی (١٣٨٦: ١٣١) ئەنووسێت زمانی پاڵەوی ئەشکانی هەمان زمانی "پاڵە" بووە کە زمانی حکومەتی ٥٠٠ ساڵەی پارتەکان هەر لە خۆراسان هەتا مازنداران و ... بووە. هەروەها ئەو لە درێژەی باسەکەیدا دەڵێت کە ئاسەوارێکی زۆر لە زمانی پاڵەوی ئەشکانیدا تەنیا لە چەرخی ناوەندا بە سێ ئەلفبێی پاڵەوی ئەشکانی، ئەلفبێی فارسی ناوەندی کتێبی و ئەلفبێی مانەوی بە دەستی ئێمە گەیشتووە، بەڵام هیچ ئاسەوارێ بەر لە خۆی، واتە لە دەورانی کۆندا و دوای خۆیش لە دەورەی نوێی ئیسلامیدا بە جێ نەماوە.

بە پێچەوانەی وێنگای ئەبولقاسمییەوە مێژوونووسانی سەردەمی دوای سەرهەڵدانی ئیسلام وەک ئیبنموقەفەع (١٤٢ک/٧٥٩ز)، حەمزەی ئەسپەهانی (٣٦٠ک/٩٧١ز) و شیروویەی هەمەدانی (٥٠٩ک/١١١٥ز) وتویانە کە خەڵک لە کاتی دەسەڵاتداری دەوڵەتی سان وساناندا لە پێنج زمانی پاڵەوی، دەری، فارسی، خوزی و سریانی بۆ ئاخافتن کەڵکیان وەرگرتووە و زمانی پاڵەوی لە وڵاتی پاڵەدا باو بووە و بە کارهاتووە کە بە گوێرەی حەمزەی ئەسپەهانی وڵاتی پاڵە بریتی بوو لە پێنج ناوچەی: ئەسپەهان، ڕاگە، هەمەدان، ماهی نەهاوەند و ئازەربایجان کە بە پێی بۆچوونی شیروویەی هەمەدانی هەفت شاری هەمەدان، ماسەبەتان، قوم، ماهی بەسرە یان ناهاوەند، سەیمەرە، ماهی کووفە یان دینەوەر و قرمەسین یان کرماشان دەگرێتەوە. کەسانی دیکەش بۆ وێنە ئیبنخوردادبێهـ (٢٨٠ک/٨٩٤ز)، ئیبنفەقیهـ (٣١٠ک/٩٢٣ز) و ئەبوونەعیمی ئەسپەهانی (٤٣٠ک/١٠٣٨ز) بە هەندێ جیاوازی بچووکەوە هەر لە سەر هەمان بۆچوونی شیروویەی هەمەدانین. لەمە زیاتر، بە پێی بەدواداچونی ئەلمەقدسی (٣٨٧ک/٩٩٧ز) کە پسپۆڕی جوگرافیا و ژیاری سەردەمی خۆی بوو دەنووسێت کە وڵاتی پاڵە ئەم شارانەی هەمەدان، ماسبەزان، میهرەجانکەزەک، نەهاوەند و دینەوەر و ئەم باژارانەی میراوەند، ڕزاوەر، ڕامین و ئەسەدئاوا و ئەوانیتر دەگرێتە بەر.

دوای لاوازبوونی هێز و وزەی دەسەڵاتی عەباسی شاعیران و نووسەران دیسانەوە ڕوویان کردەوە کەڵک وەرگرتن لە زمانانی خۆجێی کە لەوانە فارسی لە ناوچە فارس نشینەکان، تەبەری لە مازەندەراندا و پاڵەوی لە مادستان پەرەیان سەندووە. لە سەر ئەم بابەتە ئەلمەقدەسی (٣٨٧ک/٩٩٧ز) گوتوویە کە خەڵکی هەمەدان بە زاری (واتم، واتی) دەپەیڤین. لەم بەینەدا شاعیرانێکی زۆر بە تۆزێ جیاوازی بچووکەوە کە دیاریترینیان باباتایەری هەمەدانییە بە زمانی پاڵەوی شیعرییان

هۆنیوەتەوە و کەسانێک وەکوو شەمسی قەیسی ڕازی (٦٢٨ک/١٢٣١ز) و حەمدوڵای قەزوێنی (٧٥٠ک/١٣٤٩ز) لە کتێبەکەیاندا وێنەی جۆراجۆری شیعری پاڵەوی و ناوی شاعیرانێکی زۆری پاڵەوی زمانیان هێناوە (زرار سدیق، ٢٠١٨: ٦٣-٦١).

هەر بەم ڕێبازە، مێژوونووسان لەسەر پێوەندی زمانی کوردی و پاڵەوی و کوردبونی دانیشتوانی ناوچەی پاڵەوی بابەتیان نووسیوە. شەمسی قەیسی ڕازی (٦٢٨ک/١٢٣١ز) دەنووسێت جوانترین و خۆشترین کێشی هۆنراوە فەهلەوییاتە کە بە هەواکەی ئورامانی دەڵێن (ل. ٧١). کەسانێک کە شارەزای زمانی پاڵەوی نەبووون، گلەییان لە دەستنووسەرەکان کردووە کە شیعرە فارسییەکانییان بە ناشارەزایی شێواندووە، کەچی خۆیان ناشارەزا بوون و ئەو شێعرانە نە فارسی بەڵکە پاڵەوی و بە کەڵک وەرگرتن لە زاری کوردی، لەکی و لۆڕییەکان دەخوینرێنەوە. بۆ وێنە، عەباس ئیقباڵ لە پێشەکی کتێبی راحەتولسدووردا گازە لە شێواندنی شیعرەکانی ئەم کتێبە لە لایەن دەستنووسەرەکان دەکات، کەچی دواتر لە لایەن شارل شیفری (١٨٢٠-١٩٠٢) فەرانسەوییەوە بە کوردی دەردەچن. هەروەها، زرار سدیق (٢٠١٨: ٦٣) دەنووسێت کە موحەمەدئەمین هەورامی پسپۆڕ و شارەزا لە زاری هەورامی زمانی کوردی هەندێ لە هەڵبەستە پەهلەوییەکان، لەوانە هەندێ لە شیعرەکانی هومام تەبریزی و چوارینەیەکی حافزی شیرازی بە هەورامی لە قەڵەم دەدات.

هەر بەم پێیە، توێژەری گەورەی بواری زمانناسی، کەریمیدوستان (١٣٨٠) لە سەر بەراوردکردنی لێکچوونی وشەکانی کوردی ئیلامی لەگەڵ زاری فالەویدا بەم ئەنجامە گەیشتووە کە نزیکەی لە سەدا هەفتاویەکی وشەکانی ئێستای کوردی ئیلامی و فالەوی لە یەک ئەچن. بە پێی ئەم هۆکارە زمانەوانی- مێژووییانە کە ئاماژەمان پێکرد و لە پاڵیشیدا ئەوەی کە موغەکان (واتە مامۆستایانی ئایینی زەردەشتی) هەموو کات لە مێژوودا، تەنانەت دوای دەسەڵاتداریی مادەکانیش پێوەندییان لەگەڵ نەتەوەی ماددا بۆ نووسەرانی دیرۆکی ئەم ناچە ڕوون و ئاشکرایە و بە مادی ناسراون، دەڵێین ئاڤێستا و مادی هەمان یەک زمانن.

زارەکانی زمانی کوردی بە کەڵک وەرگرتن لە وشە هاوبنچینەییەکان و بە پێی ڕێبازی پێکوەنانی بەراوردی واتە ڕێسای گشتی و سروشتیترین ڕێگەی گۆڕیین، لێکچوونی وشە و نزیکایەتی گشتی بە زمانی ئاویستایی-مادي کە تێکەڵی زمانە کۆنەکانی زاگرۆسن، گرێ دەدەین. زمانی کوردیی نوێ لە لایەنی زمانەوانییەوە بە زمانێکی سەربەخۆ و سەر بە لقی ژووروی ڕۆژئاوایە کە ئەویش لە لایەن خۆیەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەر کۆمەڵە زمانی ئاری یان هیندوئوروپایی؛ بەڵام فارسی سەر بە لقی ژێرووی ڕۆژئاوایە و لێرەدا لە یەک جوێ دەبنەوە و هەر کامیان لە ڕووی دیرۆکی-دەنگسازی، وشەسازی و زمانەوانی بەگشتییەوە هەر یەکەیان تایبەتمەندی خویان هەیە وەک هەبووني "ز، ذ، و" لە کوردیدا کە لە فارسیدا هەر بەم ڕیزەوە دەبنە "د، ز، م". زمانی کوردی

له چوار زاری سەرەکی کرمانجی ژوور، کرمانجي ناوەڕاست، کوردي خواروو و گۆرانی—زازایی پێکدێت.

زۆربەی مێژوونوسان و گەشتیارانی ئەو دەمەی دوای هاتنی ئیسلام لە سەر ئەو بڕوایە کۆکن کە دوای ڕووخانی ناوەندگرایی عەباسی زمانی پەهلە لە وڵاتی مادا باو بووە و خەڵک و شاعێران هۆنراوەیان بەم زمانە هۆنیوەتەوە. تاهێری (١٤٠٠: ٥٧و٥٨) لە پێشەکی وتارەکەیدا باس لە ناوچەی پەهلە و ماد دەکات و بە تێکڕایی وێنگای هەموو مێژوونوسان و گەشتیارانی دوای ئیسلام بۆ سەلماندنی کوردبوونی یان پەهلەبوونی ناوچەیەکی پان و بەرین هەتا پارێزگاکانی ئێستای فارس و ئیسفەهان وەک بەڵگە دێنێتەوە. زرار سدیق (٢٠١٨: ٦٠) لە وتارەکەیدا ئاماژەی بە وتەی ئەم مێژوونوسانە کردوە و بۆ وێنە مێژوونووس مەقدەسی (٥٩٥ک: ١٣٨) دەڵێت کە خەڵکی هەمەدان بە زمانی "واتم، واتی" کە زمانێکی وەهایە، قسەیان کردووە و واتە زمانی پەهڵەش لێرەدا کەڵکی لێ گیراوە.

هەروەها ئەو باسی لە هۆنراوەگەلێکی زۆر کردووە و لە وتارەکەیدا هاوردوونی کە لە سەر نێوی فەهلەوییەکان کە لە شار و جێگا جیاوازەکانی وڵاتی مادا بە هەندێ جیاوازی لە وشە و ڕێزماندا هەر لە سەدەی چواری کۆچی بەم لاوە گوتراوون. بە بۆچوونی ئەم نووسەرە لەبەر ئەوەی ئەم هۆنراونە ئاهەنگیان هەبووە لە لایەن گۆرانی بێژانەوە کەڵکیان لێ وەرگیراوە و لە کۆڕی شادی و زەماندا بێژراون و بە نێوی ئۆرامن و گۆرانی ناوبانگییان دەرکردووە و بە وتەی ئابباریکی (١٤٠٢: ٢٨) زمانی پێوەری تەواوی کوردەواری بووە، کەچی ئێستاش لە هەوراماندا لە سەر زاری خەڵک هەر ئیستاش ئەبیسترێن و هیوادارین و ئەبێش هەرمانی باشتر و ئەرکی زانستیی باشتر ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە پێناو ئەم جۆرە زاری گۆرانیی زمانی کوردی جێبەجێ بکرێت.

### ٤- ئەنجام

لە ئەنجامی ئەم بابەتەدا دەبێت بڵێین زمانی کوردی بەگشتی پاشماوەی تێکەڵی زمانە کۆنەکانی زەنجیرەچیای زاگرۆس و لە ئاکامدا ئاڤێستا و مادەکانە کە ئەو کاتە بە سەردەمی کۆنی زمانی کوردی دێتە ئەژمار و ئەمە لەگەڵ کات و مێژووی ژیانی زەردەشت و دەسەڵاتداریی مادەکاندا یەک دەگرنەوە. هەروەها، ئەم زمانە لە شار و جێگا جیاوازەکانی وڵاتی مادا لە زەمەنی دەسەڵاتداریی هەخامەنشی و سلووکی و ئەشکانی و سانوساناندا هەر باو بووە و بە هەندێ جیاوازی لە وشە و ڕێزماندا لە سەدەی چواری کۆچی بەم لاوە کە لە سەر نێوی فاهلەوی یان پاڵەویە لە قۆناخی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا بیستراوە و گوتراوە و شێعری پێ نووسراوە.

لەبەر ئەوەی ئەم هۆنراوانە ئاهەنگیان هەبووە، لە لایەن گۆرانیبێژانەوە کەڵکیان لێ وەرگیراوە و لە کۆڕی شادی و زەماوەندا گوتراون و بە نێوی ئۆرامەن و گۆرانی ناوبانگییان دەرکردووە و لە هەوراماندا لە سەر زاری خەلک هەر ئیستاش ئەبیسترێن؛ بەڵام بە تێپەڕبوونی کات، زمانەکانیش گۆڕانیان بە سەردا هاتووە و هەروەها زۆر لە زمانی دەسەڵاتداران لە مێژوودا کاریگەری خۆیان لە سەر کوردی ئێستا داناوە. لە بەر ئەم هۆیانە زمانی کوردیی نوێی هەنووکە بە هەورامیشەوە زمانی گاسەکانی زەردەشت و مادی نییە، بەڵکوو بووە بە چوار زاری جیاواز، چونکوو هەر کام لەم چوار زارە کاریگەریی لە دەسەڵاتی باڵادەستی خۆییەوە وەرگرتووە.

ئەبێت لە کۆتاییدا بڵێین ئەم وتارە تەنیا سەرتایەکی گشتی بوو لە سەر ئەم باسە و هەرچەن بەڵگەی زۆر پێشکەش کرا، بەڵام بەڵگەی وردتری زانستی بۆ سەلماندنی تەوەرەکانی ئەم بابەتە پێویستییەکی حاشا هەڵنەگرە و ماندووبوونی زۆرتری زانایان، بەتایبەتی زانایانی بواری مێژوو و زمانناسیی دەوێت.

## سەرچاوەکان

### کوردی

ئەحمەد عومەر، موحسین. (١٤٠٢) «کوردۆلۆژی وەک گوتارێکی ڕۆژئاواییی». *پژوهشنامه ادبیات کردی*. ش ١٦. ، لل. ٣٤٢- ٢٩٧.

جەماڵ، ڕەشید ئەحمەد. (١٩٨٨). *لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی وڵاتی کوردەواری*. بەغداد: دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی.

حەمەڕەش، سۆران. (٢٠١٣). *کورد کێیە*. لەندەن: چاپخانەی یەبی‌سی.

ڕەحیمی، کامران. (١٣٨٧). *بنەماکانی وشەسازی*، مجمع علمی زبان کوردی. سەقز: گوتار.

سدیق تۆفیق، زرار. (٢٠١٨). «وڵاتی فەهلە و سەرهەڵدانی شیعری فەهلەویات بە کوردی و زمان و زارە *ئێرانییەکانی دیکە*». *ڕامان*، ژ. ٢٥٥، لل ٦٥-٥٩.

شوانی، ڕەفیق. (٢٠٠٨). *زمانی کوردی و شوێنی لە ناو زمانەکانی جیهاندا*. هەولێر: موکریانی.

موکریانی، کوردستان. (٢٠٠٨). *سەردەمەکانی زمانی کوردی و* کۆمەڵە زمانانی ئێرانی. هەولێر: ئاراس.

وەهبی، تەوفیق. (١٩٧٧). *بنەچەی کوردان و بنچینەی زمانی کوردی*. وەرگێڕانی تاها فەیزی‌زادە. مەهاباد: سەیدیان.

### فارسی و عربی

ابن وحشییە النبطی. (٢٠١٠). شوق *المستهام فی معرفه رموز الاقلام (٢٤١ ه.ق)*. دمشق: ایاد خالد الطباع.

حسینی آباریکی، سید آرمان و آسیه صیدی. (١٤٠٢). **«**معرفی و نسخه‌شناسی حماسه‌های دینی گورانی**»**. *پژووهشنامه ادبیات کردی*. ش. ١٦، صص. ٣٢- ١.

دارمستر، جیمز. (١٣٤٨). *تفسیر اوستا و ترجمه گاتاها* . ترجمه موسی جوان. تهران: رنگین.

دوستخواه، جلیل. (١٣٦٤). *اوستا کهن ترین سرودهای ایرانیان*. تهران: مروارید.

رووديِ گر، اشمیت. (١٣٨٦). *راهنمای زبان های ایرانی*. جلد اول، مترجمان آرمان بختیاری و همکاران. تهران: شمشاد.

طاهری، طیب. (۱۴۰۰). **«***شکل‌گیری هویت ایلی عشیره‌ای سرزمین پهلویان* (قرون ۷ هفت و هشت ه.ق)**»** . *شنرویه*، سال ٢، ٤، صص. ٨٢-٥٥.

کریمی‌دوستان، غلامحسین. (١٣٨٠). *کوردی ایلامی (بررسی گویش بدره‌ای)*. سنندج: دانشگاه کردستان.

محمدپوور، عادل. (١٣٧٦). **«**گویش اورامی و ارزش تاریخی آن**»**. *ئاوێنه*، ژ. **٣٥-٣٤، لل. ٩٧-٩٤.**

مقدسی ابوعبدالله محمد، شمس‌الدین. (١٣٨٥). *احسن التقاسیم فی معرفه ألقالیم*. ترجمه علینقی منزوی. تهران: کومش.

**English**

Darmesteter,J. (1883). *Études iraniennes. Vol. 2, Études sur la langue, la littérature, les croyances de la Perse ancienne*. Paris: F. Vieweg.

Jugel, T. (2014). «On the Linguistic history of Kurdish». *Kurdish Studies*,” **2** (2), pp 123-124.

Hennerbichler, F. (2012). «The Origin of Kurd». *Advances in Anthropology, 2*, 64-79. doi: 10.4236/aa.2012.22008

Mackenzie, D. N. (1961). «The origins of Kurds». Transactions of the Philological Society, 86.

Tedesco, P. (1921). Dialektologie der westiranischen Turfantexte. Le Monde Oriental 15, Uppsala, pp. 184-258.